سەرووتار

# خاڵی گومڕا بوون لە ڕێگای ڕاست

سەرنووسەر

دەرچون لە سنورەکانی قورئان وسوننەت و تێگەیشتنی سەلەفی صالح:خلّی گومڕابوونە لە ڕێگای ڕاستی ئیسلام ، وە خلیسکان و ڕێچکەیەکە بەرەو هەڵد ێرێکی سامناك ، لە کاتێکدا خەیری بۆ ئوممەت تێدا نەبووە و هەردەم مایەی نەهامەتی ومالۆێرانی بووە ، بەڵکو بووەتە هۆی بشێوی و لە کارخستنی بانگەوازی پیرۆزی ئیسلام و دروستکردنی چەندین ئاژاوەو دووبەرەکی و تێکچون و زیانی قورس لە موسڵمانان.

خوای گەورە لە کاتێکدا پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) نارد لە ناو نەتەوەکەیدا ئەوان موشریك بوون و دار و بەرد و بتیان دە پەرست ئەویش (صلى الله عليه وسلم) بە جوانی بانگی کردن بۆ پەرستنی خوای تاك و تەنهای شایستە بپەرستن، قەومەکەی هەندێکیان وەلاّمی بانگەوازەکەیان دایەوەو هەندێکی تریان کە شەیتان زاڵ بوو بەسەریاندا بەرهەڵستی بانگەوازەکەیان کرد، پاشان پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) کۆچی کرد بۆ مەدینە و لەویّ بانگەوازەکەی پەرەی سەندو گەیشتە چەندین شار و شوێن، هەرچەندە جولەکەو کلکەکانیان(مونافیقەکان) تەڵەکەیان بەکاردەهێناو کینەیان هەبوو.

پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئوممەتەکەی لەسەر بەڵکەی ڕون و ئاشکرا بەجێهێشتووە ، شەوی وەك ڕۆژی ڕوناك وایە تەنها گومڕا و تیاچوو لە سنورەکانی دەردەچێت، بەم شێوەیە حاڵی موسڵمانان لەسەردەمی هەردوو خەلیفە (ابوبکر و عمر) بە ڕاست و دروستی بەردەوارم بوو، ئەو شتانەی خوای گەورە قەدەغەی کردبوون تیایدا ڕۆنەچون، ئیمامی (عثمان) دا تا ئەو کاتەی کۆمەڵێك لە سنور دەرچوو هەڵیان کوتایە سەری و هەوڵیاندا لەسەر دەسەلاّت لای بەن، ئەویش وتی:

بۆ ئێوە ئەو کراسە داناکەنم کە خوای گەورە لەبەری کردوم(1) ، بەلاّم بێسوود بوو ، ئەو کارە ناڕەوایەیان ئەنجامدا و گوشتیان و ئەو شتە ڕویدا کە پێغەمبەر(ص) هەواڵی پێداوین "اذا وقع السيف على هذه الامة فلن يرفع عنها الى يوم القيامة".(2)

دوای ئەم کارەساتانە دوو تاقمی گەورە دروستبوون (الخوارج)و(الرافضة) بەهۆی گومڕابوونی ئەم دوو تاقمەوە، گومڕابوون لە بیرو باوەڕی ئیسلامی دەستی پێکردو بەردەوام مایەوە تا ئەم سەردەمەی خۆمان بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیاد بوندایە بە هۆی دووری خەڵك لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەری ئازیزەوە(صلى الله عليه وسلم) ،

ئاشكرایه ئێمه له كاتێكدا دەژین كاری توندرەوێتی تەشەنەی كردوەو بوەتە نیشانەی ئەم چەرخە، كەوابوو بزوتنەوەی توندرەوێتی بریتییە لە یەكێك لە بزوتنەوە فیكرییە ترسناك و كوشندەكان كە ڕوبەڕوی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆتەوە هەر لە هاتنیەوە تاكو ئێستا.

بەڕاستی یەكەمین شتێك پێویستە گەنجەكانی لەسەر پەروەردە بكرێن، بریتییە لە عەقیدە چونكە عەقیدە گەورەترین بنەمایەو یەكەم ئەركی پێغەمبەران بوە، پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) هەموو بانكەوازیان كردووە بۆ ڕاست كردنەوەی بیرو باوەڕی خەڵك بۆ ئەوەی كردەوە و هەڵس وكەوتی لەسەر بنیاتبنرێت.

كەوابوو پێویستە پەروەردەی لاوە خوێن گەرمەكان لەسەر **قورئان و سوننەت وتێگەیشتنی سەلەفی ساڵح** بنیات بنرێت، گەر هات و لاوەكان لە سەر ئەم مەنهەجە پەروەردە بوون ئەو كاتە نەوەیەك دروست دەبێت ئاینی ڕاستەقینەی خۆی دەناسێتەوە بە هۆی ناسینەوەی بنەماكانی ئیسلام، نەك بنەماكانی حزبایەتی كردن بە ئیسلام كە دژن بە قورئان و سوننەت و خەڵكانێك دروست دەكەن: گومڕا لە بیروباوەڕ و لاواز و سیست لە كردەوە ، تەنها چەك ڕاكێشان لە موسڵمانان و بە كافردانانی ئەم و ئەو و شۆڕش و تیرۆر و تەقینەوە و خۆپیشاندان دەزانێت.

========================================

(1): انظر السنة للخلال (1/325-326) 418 و السنة لابن ابى عاصم 2/558-559 والمصنف لابن ابى شيبة (12/49) قال الالبانى: اسناده صحيح على شط مسلم.

(2): جزء من حديث اخرجه ابو داود برقم (4252) و ابن ماجه (3952) والترمذى برقم (2202) واحمد فى المسند (4/284,278) من حديث ثوبان قال الترمذى :هذا حديث حسن صحيح.

====================

www.ba8.org
www.r-rast.com
www.salafikurd.com

1428 - 2007